# دیسان پەرلەمانی لاوان ... ریبین سەباح



ئەو پرسەی زۆربەی لاوانی سەرقال کردوە و من بە پیکەنین لەبەر ناکاملی خۆی پرسی دامەزراندنی پەرلەمانی لاوانە لە کوردستانا جا ئیمە خۆمان پەرلەمانیکی نادروست و ناکامل مان هەیە جا نۆرەی ئەوەیە ببیتە دوو پەرلەمانی ناکامل و بی سود کە ئەندامانی تەنها جی بەجی کەری بریارەکانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکیەتی بن جا کام پرس کە لە پەرلەمانا قسەی لەسەر ئەکری هینراوەتە بەردەم گەل بۆ ئەوەی گەل خۆی بریاری لەسەر بدات ئەی نالین ئیمە نوینەری گەلین هەه چۆن نوینەریکن ئەوانە خەلکینە جا ئیستا حزب بۆ ئەوەی زیاتر گوییستی ئەو دەنگانە نەبیت کە لاوان هەلی ئەبرن کە ئاماژە بەوە ئەکەن کە لاوان لەلایەن دەسەلاتی کوردستان پشت گوی خراون بۆیە بە شیوەیەکی ناراستەوخۆ ئیدارەی هەولیر بە یارمەتی نوسەری بەناو ریگای حەق خاتوو مەهاباد قەرەداغی کە ئیستا ئەویش هیچ جیاوازی نیە لەگەل بەرپرسەکانی تر کە سامانی میلەت لرف ئەکەن چونکە لە سەنگەری ئەوان کاردەکا و دەستخۆشی لە چەوساندەوەکانی ئەوان کاتی لە لاوانی ولاتەکەمی ئەکەن ویستیان بەناوی ریکخراوی کە ناویان نابوو ریکخراوی سەربەخۆ کە هیچ کاتی پەیوەست نیە بە بنەمای ریکخراوی سەربەخۆ کە ئەویش ریکخراوی توانا سازییە لە هەولیر بە هۆی کردنی کۆنفراسیکی پر لە کیشەو ئاژاوە کە لە هۆتیلی شیراتۆنی هەولیر کردیان ویستیان جاریکی تر فیل لە چینی لاوان بکەن کە دەیانویست پەرلەمانی لاوان دروست بکەن کەویستیان پەرلەمانیکی هاوشیوە خراپتر لە پەرلەمانی پیرەکەی کوردستان بۆ لاوان دروست بکەن ناوی بنین پەرلەمانی لاوان

لە کوردستانا کە بلینە هەموان کە لاوان لە کوردستانا گرنگیان پی ئەدریت ئا ئەواتە پەرلەمانیان هەیە خۆیان بریاری خۆیان دەدەن خۆی لە راستیا هەر بۆ کارتۆنی ئەو پەرلەمانەیان دروست ئەکرد.

باشە لیرەدا ئەپرسم (شاد محمد) کی یە تا چەند بەریزە گشت ئەو ئیش و ئازارانەی چەشتوە کە لاوی کورد لەم ئان و ساتەو پیشوتر بە دەستیەوە نالاندویەتی ئاخۆ ئەو لاوانەی کە ئەوان دەیانەوی دایان مەزرینن کین ئەبی تا چەند ئیش و ئازاری لاوەکان تیمار بکەن بەخوا من رەشبینم چونکە ئەوانە هەر یەکە ماستاوچی بەرپرسیکی ئەو کوردستانەن بۆیە حالی لاو لەم کوردستانە لەوەش خراپتر بیت هیچی بۆ ناکەن کە لەو پەرلەمانەی تیدا ئەندا م ئەبن بۆیە کاك ئامانجی بی ئەوەی بیر لە کیشەی دروست کردنی ئەو پەرلەمانە بکات لە خۆیەوە قسە ئەکات رەوایی بە دروست کردنی پەرلەمانی لاوان ئەدات لە کوردستان کە بەو شیوەی حزب ئەیەوی دروستی بکات نەك بەو شیوەیەی لاوان ئەیانەوی دروستی بکەن وا دیارە کاك ئامانج مەبەستی بە زۆری لە قسەکانی کاك رزگار کۆچەرە نارەوایی ئەبەخشیتە قسەکانی ئەو و کەسانی تر کە لەسەر ئەو پرسەیان نوسیوە دژی ئەوە وەستاون کە بەو شیوەیە پەرلەمان دروست بکریت کە دژی بەرژەوەندیە راستەقینەکانی لاوان بن دەستی کردوە بە چاو لی سورکردنەوە و هەرەشە کردن ئەو

لاوانەی لە ئان و ساتەدا دژی دروست کردنی پەرلەمانیکی لەو شیوەیەن دوایی بە کاك ئامانج ئەلیم مادام خۆت بە نوسەرو رۆشنبیر دەزانی چۆن جوین بەبەرامبەرەکەت ئەدەی کە بە داوین پیس و گیل و نەفام ناوزەندی ئەکەی دوایی قسەکردنت لەسەر کەسانی بیرمەندی وەکو بەختیار عەلی و دکتۆر فەرهاد کە تاکوو ئیستا نەبونەتە

داردەستی بەرپرسەکانی تۆ ئەوا ئەوپەری نا حالی بونە لە پرسەکانی ئەورۆی کوردستان و پرس و کیشە دیارەکانی لاو لە کوردستانا بۆیە ئەلیم کاك ئامانج من لە نوسینەکانت ناگرم کە بەو شیوەیە دلسۆزی خۆت بۆ گەورەکانی خۆت کە رۆژانە سەدان هیواو ئاواتی لاوی کورد لە ژیر پیکانی خۆیان دادەنین و لەناوی ئەبەن چونکە ئەوان نانت پی ئەخشن تۆیان یەخسیری خۆیان کردوە لەگەل ریزم بۆت هیوام وایە هەندی پەرە بە بیرکردنەوەکانی خۆت بدەی ئەوە وینەی خۆشم لەگەل نوسینەکەم بلاوو ئەکەمەوە تاکوو نەلییت ئەوەش بەناوی خوازراوە بابەت دەنوسی.

Email/nama_kurdi@yahoo. com